ئەمریکا رەتیدەکاتەوە ئێران فڕۆکەیەکی ئێف15ی خستبێتە خوارەوە

فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا-سێنتکۆم ئەو بانگەشانەی ئێران رەتدەکاتەوە کە گوایە فڕۆکەیەکی ئێف15ی ئەمریکییان خستبێتەخوارەوە.

فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا-سێنتکۆم، ئەمڕۆ یەکشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەو دەنگۆیانەی کە گوایە ئێران بەم دواییانە فڕۆکەیەکی جەنگی ئەمریکی لە جۆری ئێف15 لە ئاسمانی وڵاتەکەی خستبێتە خوارەوە، راست نین.

هەمای بێ ئەوەش کردوە، هێزەکانی ئەمریکا لەماوەی شەڕدا زیاتر لە 8 هەزار هێرشی ئاسمانییان ئەنجامداوەو هیچ فڕۆکەیەکی جەنگی ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە نەخراوەتە خوارەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە، تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران، بە پشتبەستن بە بەیاننامەیەکی بارەگای بەرگریی ئاسمانی هاوبەشی وڵاتەکە، بڵاویکردەوە: "پێش چەند کاتژمێرێک فڕۆکەیەکی جەنگیی جۆری (ئێف-١٥)ی

سەر بە دوژمن لە باشووری وڵات کرایە ئامانج."

-لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "فڕۆکەکە لەلایەن هێزکانی بەرگریی ئاسمانی سوپاوە و بە موشکی زەوی-بە هەوا خراوەتە خوارەوە و لە نزیک دوورگەی هورمز لە کەنداوی عەرەبی تێکشکاوە، هەروەها لەکەینەوە لە چارەنووسی فڕۆکەکە و فڕۆکەوانەکەی دەستیپێکردووە."